# بیرەوەریوەکانم

### شەممە ی1 خۆمان بردمانەوەی ساڵی ی2010 ئیتیخابات

لەهەولێر تابلۆیەکم خوێندەوە نوسرابوو وێنەی فەوری دەگرین بەشەرتێك عەجەلەت نەبێ. رۆژی هەڵبژاردنەکە لە بنکەی رۆژ لە چەمچەماڵ تەعاروفیان لەگەڵ چاودێرەکەی حزبی شیوعی یا پێ کردم لە زەمانی سەید قوطبەوە یەکگرتووە. مامۆستاکەی مەکتەبی هێن حوکمی لە تەلەبەکان کرد شریتی کاظم ساهیر بکڕن،ئەڵێ ئەو عەرەبییەکەی باشە، قەواعیدی یە.لەکەرکوك بەلای شوققەیەکا رۆیشتم لافیتەیك لە قاتی سێ یەم هەڵواسرابوو ئەڵێ ئەم ژێر زەمینە بۆ کرێ.چونکێکم ئەهلی سلێمانی رۆحی کارەباییان بەسەر سەری یەکتری یا دەرئەچێ،هەر عانێ سپلیتێك لەگەڕەکی شێخان بکەوێتە ئیش،عەلەتریکەکەی گەرەکی کارێزە ووشك ئەبێ بە ساقەی عەزیزتان

### یەك شەممەی2 حەڵقە لەسەر حەڵقەی ساڵی 3122درامای تورکی لەر

بەحسابی تەعلیماتەکەی کۆمەڵەی زیندانە سیاسییەکان بێت کورد تاساڵی 1968یش هەر پیازی پاك کردوە.لە چوارقورنە دەفتەری قەرزی حزبێکی موعارەزەیان نیشان دام لەواعەی 14رۆژدا پەنجا کیلۆ چایان سەرف کردبوو.کارشناسێکی ئیعلامی وتی تورکیا کە تۆپبارانی هەرێم ئەکات لە داخی پەکەکە نیە،هەقی ئەو بەرنامانەیە زاگرۆس و کۆرەك تیڤی بیلامانێ ئەیدزن.پرسیاری عینوانی مەحکەمەکەی دوکانم کرد وتیان بینایەکە دایم سێ کەری بەرەلای لەبەردەما وەستاوە. نەقڵی کفر کفر نی یە ئەڵێن لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کفری ئەگەر چوار سفریشت تیابێ هەرناجحیت بەس بەو شەرتەی گۆران بیت.

### دووشەمە 3بەهار هاتەوەی ساڵی 4890پیسکردنی قەشقۆڵی

خزمێکمان لە بولگاریاوە کراسێکی بۆناردم ئێکس ئێکس لارج بوو.تەلەفۆنم بۆکرد وتم کاکە ئەو کراسە چی یە بۆت ناردوم زۆرزۆر دەڵبە ! وتی بەقوربان تۆ لای من زۆر گەورەیت زۆر. قەرزم کەوتە لای کارمەندێکێ سپۆرت تیڤی وتی ئیشەللا چل و حەوتی مانگ بۆتی ئەهێنمەوە،وتم یەعنی چی؟ وتی ئاخر کاکە گیان مانگ لای ئێمە پەنجا رۆژە.رەسمی تابلۆیەکیان بۆ ئیمەیڵ کردم نوسراوە شوێنی دایك بۆ فرۆشتنی جل و بەرگی پیاوان.لەکەرکوك عەرەبێك شانی دا لەشانم ئەمە حەوتەمین جارە تەعویزیش وەرئەگرێ و ملیشی ناشکێنێ.مریشکێك لەکەلار مەسیجی نارد بۆ رێوی یەك وتی حەزئەکەم ئەمشەو لە خزمەتتا بین،وتی بەخوا ناوێرم شەو جادەکان پڕ ئەبێ لە سەگی بەرەڵلا.

### سێ شەممەی4 سەنگەر گواستنەوەی ساڵی ی976 کەعەبیە

ماڵی خزمێکمان لە راپەڕین دزچووە سەریان پولیس پێی وتبون خەتای خۆتانە،بۆچی ماڵ چۆڵ ئەکەن. لەبەشی کۆمپیوتەری تەلەفزیۆنی خاکم پرسی ئینتەرنێتەکەتان چۆنە وتی بەوقورعانە ئەڵێ ی بەخەڵوز ئیش ئەکات.ئیمزای وەزیرێکیان بۆ خستمە بەینی دوو قەوسەوە خۆی ئیفادی بۆ خۆی سەرف کردووە.لەکەرکوك ژنێك هەقی ئەوەی دەنگی نەدابوو بە مێردە کاندیدەکەی کەوتۆتە بەر هەڕەشی تەڵاق. مرورەکەی جادەی قەنات بەسایەق تەکسیەکی وت بجولێ با لەشت رەق نەبێ.رافیعەکەی دائیرەی کارەبای وانێکیان بۆ زووم کردم بەخێری خۆی لافیتەیەکی بۆ لیستی گۆڕان هەڵئەواسی. بەس لەبەر ئەوەی پەرچەمی هاتبوە سەرچاوی ،کچێکی خوشکەزام لەهەڵەبجەی شەهید بەمەقەستی کوتاڵ فرۆشتن سەریان بۆ هەڵپاچی.

### 4شەممە نەورۆز واهاتی ساڵی ی520 شت دەست ناکەوێ

باپیرم خوا عەفوی کا،دوێنێ شەو هاتە خەوم وتی رۆڵە ئەوە بۆچی بەناوی منەوە دەنگتان داوە گوناهتان ئەگات.بەتەزبیحەکەم بۆمان حساب کرد،کوڕەکەی پووری ماڵەومان کوللی دەنگێك صەو هەشتا هەزار دیناری لەسەر کەوتوە. سوئالم لە خەبیرێکی ئابووری کرد وتم کێ دەرەقەتی دوکانە گرانجانەکانی قەزاو بەڵای دوکان دێت؟ وتی کەس.لەدەعوەتەکەی هەشتی مارسا بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنانەوە،نەجیبەی خوشکم دووکفتەی خواردبوو،دە هەزار دیناریان پێ رەق کردەوە. خۆم نەم بینیوە ئەڵێن لە بەکرەجۆ مەشروبفرۆشێکی لێ یە ناوی کاك نەبی یە.

### پێنج شەممە 6بەفر بارینی ساڵی 303ئاخر زەمانە

تەلەفۆنم بۆ پاڵێوراوێکی سەرنەکەوتو کرد وتم ئێستا لەکوێی؟وتی لەسەر ساجی عەلی.لۆگۆی جەریدەی حزبێکی سەلکەزۆڵم لای خۆم هەڵگرتووە بۆئەوەی خۆی لەمەسەلە سیاسییەکان بدزێتەوە خووی داوەتە بڵاوکردنەوەی سوودەکانی سیر و زەرەرەکانی زوڕنا. سەرچاوەکانی هەواڵ وتیان لەژێر ئەو دروشمەی کەئەڵێ مەیموون جوان بوو ئاوڵەشی گرت،ئەمڕۆ لەمەرزی باشماخەوە پێنج سەد سەیارەی ئێرانی گوریان لەجادەی قەنات بەستەوە.بە حسابی رەسمەکەی جەریدەی هەواڵ بێت،ئەو ئاگرەی لەکەرکوکا نەورۆزی پێ کرا حەمامێکی پێ شلەتێن نابێ.لەبەر بەلەدییەکە پارچە مقەبایەك سەرنجی بە موگناتیز راکێشام نوسرابوو خەیاری سامەڕای خۆمان.

### جوعمەی7 هات و هاواری ساڵی ی567 رادیۆی بێ سیقە

برادەرێکم باوکی مرد،لەسەر قەبران هەتا مەلا تەڵقینەکەی تەواکرد ئەم سی چل بڵاوکراوەی کۆمۆنیستی کرێکاری بەسەر خەڵکەکەدا تەوزیع کرد. زەلامێکم کرد بە واسیتە ئەم جومعەیە کابینیەکمان لەدوکان بۆ تەرتیب بکات،وتی ببورە قوربان هەتا مانگی هەشت مەحجوزە. گوێم لە تەحلیلی مەسئولێکی پارتی بوو ئەیوت دەنگەکانمان بۆیە لە سلێمانی کەمی کردووە چونکە لە مانگی حەوتەوە تا ئێستا هەشت هەزار ئەندامەمان چوونەتە جێ ی هەقی خۆیان.لای ترافیك لایتەکەی تووی مەلیکەوە سواڵکەرێك زۆر بەگەرمی مەرحەبای کردم وتم لەکوێ من ئەناسیت؟ وتی لەفەیس بوکا دراوسێین.